# با لەبەرامبەر تاوانی کوشتنی أسماعیل أحمد لە ژێر ئەشکەنجەدا بێدەنگ نەبین.

**شەماڵ علی**
shemalali@yahoo.com

ئیسماعیل ئەحمەد ئیسلامیەیەك بوو کە هیچ بە دووری نازانم ئەگەر دەستی ببوایە و فرسەتی بۆ هەڵکەوتایە کۆمۆنیستێکی وەکو منی گۆشاو گۆش سەربڕیایە، ئەو ساڵەها ئەندامی بزوتنەوەی ئیسلامی بووە و بێگومان لانی کەم هیچ گرفتێکی لەگەڵ ئەو فەتوانایەدا نەبووە کە لە دژی کۆمۆنیستانی وەك من و هەر عیلمانیەیەکی تر لە کوردستان دەرچووە و داوای لەناوبردن و پارچە پارچە کردنی کردووین. ئەو ئەگەر ڕاستەوخۆش ئامادە نەبووبێت بەشداری تاوانکاریی لە دژی ئازادیخوازان و نەیارانی خۆی بێت بەڵام وەك کەسێك کە لە دەزگای ڕاگەیاندنی بزوتنەوە کاری کردووە هاوبەشی ئەو بانگەشەی تیرۆرانە بووە کە لە لایەن ڕێکخراوەکەی و جووڵانەوەکەیەوە پەخش کراونەتەوە، من اسماعیل أحمد (ئارام کوێستانی) لە دوور و لە نزیك ناناسم و بە پێی ئەوەی کە ئیسلامیەیەك بووە لە خەیاڵی خۆمدا لەم وێنەیە جوانترم لەسەر ئەو بۆ دروست ناکرێت..... بەلام چیرۆکی ژیان و بیرکردنەوەکانی ئەو هەرچیەیەك بووبێت، داستانی مەرگی شتێکی تر.

أسماعیل احمد لە سەرەتای ئەم مانگە یان لە کۆتایی نیساندا لە لایەن ئاسایشی یەکێتیەیەوە لە سلێمانی دەستگیر کراوە و لە پاش 9 ڕۆژ تەرمەکەیان بە کفن کراوی بە کەس و کاری داوەتەوە، بە پێی چاوپێکەوتنێك کە ڕۆژنامەی هاووڵاتی لەگەڵ باوکی ئیسماعیلدا سازیداوە و لە 12-5 دا بڵاوبووەتەوە، ئاسایش مەرجی ئەوەیان بۆ کەس‌وکاری ئیسماعیل داناوە کە نابێت کفنی کوڕەکەیان بکەنەوە و نابێت بیشۆن و دەبێ چۆنیان وەرگرتۆتەوە هەر بەو جۆرە بینێژن.

داستانی مەرگی ئەم ئیسلامیەیە، داستانی ژیانی زیندووەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی و پارتیەیە، ڕۆژ نیەیە ئەحزابی دەسەڵاتداری کوردستان بە مومارەساتی ناشارستانی وسەرکوتگەرانەیان ئەو ڕاستیەیە نەسەلمێنن کە ئەوان بوونەوەری ڕابردوون و هیچ شتێك بە ڕێزگرتن لە بەها ئینسانیەیە هاوچەرخەکانەوە نایانبەستێتەوە. ڕۆژنیەیە سیمای دژی ئازادی و دوژمنایەتی ئەم حیزبانە لەگەڵ سادەترین مافەکانی ئینساندا لە پشت دەمامکی درۆینەی دیموکراسیانەوە دەرنەکەوێت و ماهیەتیان ڕیسوا نەکات، بەڵام ڕووداوی لەم چەشنە نموونەیەکی زۆر ناشیرین لەم سەرکوتگەریەیەی دەسەڵاتدارانی کوردستان دەداتە دەست. مەرگی ئەم زیندانیەیە وەحشیگەری دەزگا سەرکوتگەریەیەکانی ئەحزابی دەسەڵاتدار لە دزیوترین و خوێناوی ترین فۆرمی خۆیدا ئاشکرا دەکات.

مەرگی ئیسماعیل بۆ من مەرگی ئیسلامیەیەك نیەیە لە جەنگێکدا لە دژی تیرۆریزمی ئیسلامی کە من خۆم هیچ بەربەستێکی ئەخلاقی بۆ بەشداریکردن تیایدا نابینم. مەرگی ئەو مەرگی زیندانیەیەکە، مەرگی ئینسانێکی ئەسیر و بێدەسەڵاتە، مەرگێکە بە بڕیارێکی لەوەوپێشدراوی دەسەڵات ئەنجام دراوە، مەرگێکی پڕ ئازاری ژێردەستی ئەشکەنجەگەرێکە کە هیچ بۆی جیاواز نیەیە، ئیسلامیەیەك پارچە پارچە دەکات یان کۆمۆنیستێك یان هەر ئینسانێك کە بەرپرسەکانی دەزگای حیزب و ئاسایش خوێنیان حەڵاڵ کردووە، مەرگی ئیسماعیل شوێن کەڵبەی گورگی سەرکوتگەریەیە کە چەند بخوات هێندەی تر برسی و دڕندە دەبێت. مەرگی ئەو داستانی ئازاری هەموو ئەوانەش دەگێڕێتەوە کە بە ئەشکەنجەی دڕندانە تا لێواری مەرگ دەبرێن بەڵام نامرن.

بەرپرس لە بەرامبەر مەرگی پڕ ئازاری ئیسماعیل و ئەشکەنجەدانی وەحشیەیانەی ئەو ومەحروم کردنی کەس‌وکاری کە لە ڕێوڕەسمێکی ئاساییدا بینێژن، هەموو حکومەتی یەکێتی نیشتمانیەیە، لە تاڵەبانیەیەوە بگرە تا دەگاتە وەزیری ناوخۆو بەڕێوبەری ئاسایشی گشتی و بەرێوبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی و هەموو ئەوانەی لە ئەشکەنجەدان و کوشتنی ئیسماعیلدا دەستیان هەبووە، ئەم تاوانە نابێت بێلێپرسینەوە تێپەڕ ببێت و هەموو ئەو قەڵەم و کەسایەتیو لایەن و حیزبانەی لە کوردستان کە نایانەوێت بە بێدەنگە کردن جلەو بۆتاوانکاران و سەرکوتگەران شل کەن دەبێ وەدەنگ بێن.

با لەبەرامبەر تاوانی کوشتنی أسماعیل أحمد لە ژێر ئەشکەنجەدا بێدەنگ نەبین.

2004/05/23